بازنەی سیاسیی کوردستان و ساڵی تازە

# بەرهەمهێنانەوەی پێگەی (خود) وەک ناوەند و (بەرامبەر) وەک پەراوێز

ئامانج مەحموود
mahmudamanj77@yahoo.com

پێدەچێت باری سیاسیی ناوخۆیی کوردستان لەسەرەتای ساڵی تازەوە بیەوێت بەوجۆرە خۆی پیشانمان بدات، کە پۆلینبەندییەکی تازەی حزبەکان لە نێو بازنەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا دروست دەبێتەوە، ئەو پۆلینە تازەیەش لەسەر بەرهەمهێنانەوەی پێگەی خود وەک ناوەند و بەرامبەر وەک پەراوێز رێچکەی تازەی خۆی بگرێت و مامەڵە و رەفتاری حزبەکان لەگەڵ یەکتری و بانگهێشەیان بۆ فرەیی و دیموکراتی بگۆڕێت بۆ هەوڵدانی هەر یەک لە حزبەکان لە ململانێی یەکترییەوە لە زەمینەیەکی دیموکراتییەوە بۆ گۆڕینی پۆلینی یەکتری لە نێو بازنە سیاسییەکەدا، ئەمەش بەو مانایەی هەر یەکەیان هەوڵدەدات جیاوازییەکانی خۆی و ئەوی دی بکاتە کەرەستەی کارکردن بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆی وەک ناوەند بەرامبەر وەک پەراوێز، جیاوازییەکانی خۆی بکاتە تایبەتمەندی ناوەند و جیاوازی بەرامبەر بکاتە تایبەتمەندی بۆ ناساندنی وەک پەراوێز.

باسێک ناتوانرێت پێشەکی بۆ دابنرێت

ئەو دێڕانەی پێش ئەم دێڕانە ئاماژەمان پێکردن و ئەوەشی ئێستا دەینووسین، ئەو مافە بەخۆیان نادەن ببنە پێشەکی بۆ باسێکی ئاڵۆز کە ئەویش پۆلینبەندی حزبەکانی کوردستانە لەدەستپێکی ساڵی تازەوە، بۆ باسێکی لەم جۆرە نووسینی پێشەکی دەبێتە تەڵەیەک بۆ خودی نووسینەکە و لە بری ئەوەی زەمینەی ئەوە بڕەخسێنین حزبەکان خۆیان سەبارەت بەو پۆلێنبەندییە قسە بکەن، باسەکە دەبێتە کۆمەڵێک بیروبۆچوون و تێڕوانینی نووسەر کە دەیەوێت لە رێگەی ئەم دێڕانەوە بە خوێنەری بگەیەنێت، بەڵام مەبەستی ئەم دێڕانە گەیاندنی بیروبۆچوونێکی تایبەتی نووسەر نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ئەوەی رەفتار و مامەڵەی حزبەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ جەماوەردا خۆیان ئەوەی نایەنەوێت راستەوخۆ بە یەکتر و خەڵکی بڵێن، ئەم دێڕانە ناڕاستەوخۆ ئاشکرایان بکات و بە خوێنەری خۆی بگەیەنێت، بۆیە دەکرێت وای دابنێن ئەم نووسینە پەراوێزێکە بۆ گوتار و رەفتاری حزبەکان و هەوڵێکە بۆ روونکردنەوەی ئەو زارەوە و رەفتارانەی کە بەئاسانی هاوڵاتی ئاسایی، یان ئەندام و لایەنگرانی خودی حزبەکانیش لێی تێناگەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێک خوێنەر ئەم دێڕانە دەخوێنێتەوە، ئەوا ئەم دێڕانە ناتوانێت هیچ شتێکی پێ بڵێت ئەگەر جارێکی دیکە وێنای رەفتار و مامەڵەی حزبە سیاسییەکان نەیێتەوە بەرچاوی، یان هەوڵ بۆ ئەوە نەدات جارێکی دیکە بیر لە رەفتار و مامەڵەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بکاتەوە، هەروەها لایەنێکی دیکە کە میتۆدی ئەم باسە دوور و نزیک خۆی لێ نادات ئەوەیە، هەوڵدان بۆ شرۆڤەکردن و تەفسیر و تەئویلکردنی رەفتار و مامەڵەی حزبەکان بە کارێکی دروست نازانێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شرۆڤە و تەفسیرکردن بۆ

> **کرانەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی لەسەر یەک مەرج دەبێت، ئەویش هەڵوەشانەوەی رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتییە**

دێڕانە گوێ بەوە نادات تاچەند ئەم باسە لەگەڵ تێڕوانینی سیاسییەکانی کوردستان یەکدەگرێتەوە، یان تاچەند هاودژی لە گەڵیاندا دروست دەکات، هەروەها هەوڵێک نییە بۆ ئەوەی ئەو بیروبۆچوونانە بگۆڕێت یان پاکانەیەک بۆ ئەو وشانەی لەم دێڕانەدا بەکارهاتوون، نەخێر ئەمە دامەزراندنی دیالۆگە، دیالۆگێک لەسەر شێوازی ئەو گەمەیەی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ خەڵک و لە نێوان خۆیاندا پیادەی دەکەن، گەمەیەکە کە هەریەکیان دەیەوێت ئەوی دیکە ئەو تۆپە بێت گۆلی خۆی پێ تۆمار بکات، نەک پێکەوە تیمێک بن و لە پێناوی یەک ئامانجدا کە ئەویش بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندی گشتییە گۆڵ تۆمار بکات، بەپێچەوانەوە گەمەیەکە هەموو یاریزانەکان مەبەستیانە خۆیان گۆڵ تۆمار بکەن و هەر کەس بۆ خۆی ناوەندی بازنەی جەماوەر لە گۆڕەپانەکەدا کۆنترۆڵ بکات، هەر بۆیە ئەمەیە پێمان دەڵێت گەمەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەو گەمە ترسناکەیە، کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، وەک وێنای ئەو گەمەیە بخەینەڕوو، هەروەها مەترسی شێوازی ئەو گەمەکردنەش وێنا بکەینەوە کە

بابەتێکی لەوجۆرە دەبێتە هەوڵێکی دیکە بۆ چوونە ناو دەقێکی دیکە و پەردەیەک بۆ شاردنەوەی ئەوەی مەبەستە بیڵێین، بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو دەرگا داخراوەش نەبینەوە، بەپێویستی دەزانم بۆ لەم پەراوێزەوە دوو کەوانە بکەمەوە، بۆ ئەو لە نێو

> **هەتا ئێستاش دووبازنە و دوو ناوەند میتۆدی پێڕەو کراوی بیری ئەندازەی سیاسییە لە کوردستاندا**

ئەو دوو کەوانەیە دووبارە بنووسمەوە، ئەم دێڕانە خۆ ماندووکردنە بۆ داماڵین و جیاکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و شێوازی کاری حزبایەتی لە کوردستاندا، لەو هەموو شتە زیادەیەی بۆ رووکەش کردن و پیشاندانی بە شێوەیەکی دیکە لە لایەن حزبەکانەوە بەکارهاتوون و مەبەست لێیان شاردنەوەی ئەو دیوەیە کە حزبە سیاسییەکان دەزانن بەو داماڵراوییە هاوڵاتیانی کوردستان نایانەوێت. هەر بۆیە ئەم

خودی گەمەکە پێمان دەڵێت: بەم ئاراستەیە ئاکامێکی باش نادرووننەوە.

ئەندازەی سیاسیی شێوازی پەیوەندی و دیاریکردنی ئاستی دیالۆگ

کاتێک بمانەوێت ئاست و شێوازی دیالۆگی نێوان حزبەکان بدۆزینەوە، دەبێت بگەڕین ئەو ئەندازە سیاسییە بدۆزینەوە کە لە بازنەی سیاسیی کوردستاندا شێوازی پەیوەندی نێوان حزبەکان دروستکردووە، بێگومان گەڕانیش بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەندازە سیاسییەی شێوەی ئەو پەیوەندییانەی دروستکردووە، بەهەندێک وردبوونەوە لە واقیعی کوردستان و هەوڵدان بۆ گوێ هەڵخستن لەو چرپە و سرپانەی لەمیانەی گوتاری حزبە سیاسییەکانەوە گوێ بیستی دەبین، ئەندازەی سیاسیی لە بیرکردنەوەی حزبە سیاسییەکان (لەحزبە گەورەکانەوە بۆ حزبە بچووکەکان) بەو جۆرەیە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان یان ئەو پێگە جوگرافییەی حزبەکانی کوردستان چالاکی سیاسیی تێدا ئەنجامدەدەن و خۆیانی تێدا نمایش دەکەن، بریتییە لە بازنەیەک، یان راستتر بڵێم پرگالی ئەو ئەندازە سیاسییە بازنەیەک دروست دەکات، هەر حزبێک لەو بازنەیەدا خۆی بە نووکی پرگالەکە و چەق و ناوەندی بازنەکەش دادەنێت، هەمووشیان پێکەوە ئەو قەناعەتە رەهایەیان لادروست بووە، لەبەر ئەوەی ئالەتی ئەندازەی سیاسی تەنیا ئەو پرگالەیە کە تەنیا ئەو بازنەیەی




پێ دروستدەکرێت، ئەوا دەبێت هەمووشیان قەناعەتیان بەوە هەبێت لەناو بازنەدا یەک ناوەند و یەک چەق زیاتر نابێت، بۆیە لەناو جوگرافیای ئەو بازنەیە و لەمێژووی بیری ئەو ئەندازە سیاسییەدا، پێگەی حزبەکان لەدوو شوێندا دیاری دەکرێت، ئەویش یان دەبێت حزبێک ناوەند بێت و ئەوانی دیکە لە بەشەکانی دیکەی بازنەکە پەراوێز بن، یان ململانێی و رکەباری نێوان حزبەکان دەگۆڕێت بۆ خۆ بە ناوەندکردن نەک پاراستنی بازنەکە و راوەستان لەسەر چوارچێوەی بازنەکە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە پارێزەری چوارچێوەی بازنەکە بن، بۆ ئەوەی هەم بازنەکە لە کاریگەری دەرەکی و هەموو هاوڵاتیانیش لەناو بازنەکەدا بپارێزن، لەم چوارچێوەیەدا میتۆدی ئەم دێڕانە دەبێتە کارکردن لەسەر ئەندازەی سیاسی و دۆزینەوەی ناوەند لەناو ئەو (بازنە)یەی کە پێی دەڵێن بازنەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە جارێکی دیکە بەبیر بهێنرێتەوە، ئەوەیە جوگرافیای ئەم بازنەیە هیچ کارێکی لەسەر ناکرێت، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەو بیرە ئەندازەییەی کە لە کوردستاندا ئەو بازنەیەی دروستکردووە، کەواتە ئەو ئەندازە سیاسییەی بازنەی سیاسیی کوردستان دیاریکردووە، داهێنانێکی تازە نییە، بەڵکو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٤٦ ساڵ لەمەوبەر کە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (کە دواتر بەباڵی مەکتەبی سیاسی ناسران) بانگهێشەیان بۆ ئەوە دەکرد ئەوان ناوەندن و مەلا مستەفا پەراوێزە و بەپێچەوانەوەش بارەگای مەلا مستەفا خۆی بەناوەند دەزانی و مەکتەبی سیاسی بە پەراوێز،

هەروەها بانگهێشەی بۆ ئەوە دەکرد با ئەم ناوەندێتییە لە کۆنگرە دیاری بکرێت، کە ئەمەش هەر جۆرێک بوو لە رەتکردنەوە و قبوڵنەکردنی ناوەندێتی باڵی مەکتەبی سیاسی لەناو شۆڕشی ئەیلولدا، هۆکارەکەی ئەوە بوو ئەندازەی سیاسی لەو کاتەشدا شێوازی هاوکێشەی سیاسیی کوردستانی وەک بازنەیەک وێناکردبوو، لەبەر ئەوەش ئەو کاتیش ئەو قەناعەتە هەر بەوجۆرە بوو کە بازنە لەیەک ناوەند زیاتر قبوڵ ناکات، بۆیە شەرعیەتی شەڕکردن لەسەر ناوەندی ئەو بازنەیە، شەرعیەتی سیاسی بەوەدابوو کە هەردوولا لەسەر بەرهەمهێنانەوەی خۆیان وەک ناوەند و ئەودی وەک پەراوێز، شەڕی چەکداری بکەن، ئەم رووداوە بووە سەرەتای دروستبوونی دووبازنە و دووناوەند، کە هەتا ئێستاش دووبازنە و دووناوەند میتۆدی پێڕەو کراوی بیری ئەندازەی سیاسییە لەکوردستاندا، تەنانەت لە دوای ئەنفالەکان و کیمبارانکردنی کوردستانیش کە بەناچاری هەموو پێکەوە لەناو بەرەی کوردستانی کۆبوونەوە، قەناعەتی چەند بازنە و چەند ناوەند کۆتایی پێنەهات، هیچ لایەنێکی سیاسی تەنازولی لەسەر ناوەندێتی بازنەکەی (بەرەی کوردستانی) بۆ ئەوی دی نەکرد و

> **باشترە پارتی لە داهاتوو هەوڵنەدات دەستکاری رێککەوتنی نێوان خۆی و یەکێتی بکات، راستە لە رووی تیۆرییەوە پارتی دەتوانێت لەو کارە سەرکەوتوو بێت، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە کوردستان زەرەر دەکات**

ئەندازەی سیاسیی بازنەکەی بەو جۆرە دروستکردەوە کە هەموویان وەک یەک خاڵ خۆیان وەک ناوەندی بازنەکە پێناسە بکەنەوە و هەموویان مافی رەتکردنەوەی هەر بڕیارێکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان هەبێت، ئەگەر هاودەنگی هەموو لایەکی لەسەر نەبێت، بەمەش بەرهەمهێنانەوەی خود وەک ناوەند و بەرامبەریش وەک پەراوێز بووە رەفتاری رۆژانەی لایەنە سیاسییەکان، لە دوای راپەڕینیش لە بری ئەوەی راپەڕین و گەڕانەوە بۆ ناو خەڵک و کوردستانێکی ئازاد، شێوازی بیری ئەندازەی سیاسیی کوردستان بگۆڕێت لە وێناکردنی هاوکێشەکە لە بازنەیەکەوە بۆ چەند بازنەیەکی پێکەوە گرێدراو، کەچی وەک بینیمان هێندەی دیکە چوارچێوەی بازنەکەی پۆڵابەند کرد و بە رێگەی هەڵبژاردن و دەنگدان شەرعیەتی بۆ یەکلایکردنەوەی ناوەندێتی بازنەکەی دروستکردەوە، بەڵام بۆ ئەوەی حزبە بچووکەکان نەبنە پارسەنگ بۆ یەکلاکردنەوەی ناوەندێتی دوولایەنە گەورەکە (پارتی و یەکێتی) لەناو بازنەکەدا، پارتی و یەکێتی فەرزیان کرد دەبێت رێژەی ٧٪ دابنرێت و هەر لایەنێکی سیاسی ئەو رێژەیە بەدەستنەهێنێت ناتوانێت بچێتە پەرلەمانەوە، (بۆ دانانی ئەم رێژەیە سوود لە سیستمی هەڵبژاردنی تورکیا وەرگیرابوو کە رێژەی لە ١٠٪ی داناوە بۆ ئەوەی هیچ حزبێکی سیاسیی کوردی وەک حزبی سیاسی نەچێتە ناو پەرلەمانی تورکیاوە). لە ئاکامی هەڵبژاردنیشدا، ١٩٩٢ لەگەڵ ئەوەی پارتی هەندێک دەنگی لەیەکێتی زیاتر هێنابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگی حزبی یەکگرتن و حزبی شیوعی لە رێژەی لە ٧٪ کەمتر بوو، بۆیە ئەو دەنگانەش بەسەر دەنگەکانی پارتی و یەکێتی دابەشکرانەوە و ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی جیاوازی کورسییەکانی

نێوان یەکێتی و پارتی لە پەرلەماندا ببێتە تەنیا یەک کورسی پەرلەمانی، ئەمە بۆ بیرکردنەوەی سیاسیی یەکێتی زۆر زەحمەت بوو دانی پێدا بنێت، سەرەنجامیش، وەک پارتی و یەکێتی لە کاتی خۆی رایانگەیاند، لەبەر ئەوەی باری کوردستان ناسکە، هەردوولا رازین ئالای زەردی پارتی و سەوزی یەکێتی پێکەوە گرێبدرێت و لەسەر بانی لق و مەڵبەندەکان هەڵبدرێت و بەیەکسانبوونی گەمەکە رازیبوون، ئەمەش بووە سەرەتای پیادەکردنی ئەزموونی فاشیلی فیفتی بە فیفتی، بەڵام ئەم فیفتی بە فیفتییەش، دیسان پارتی و یەکێتی نەکرد بە دوو بازنەی پێکەوە گرێدراو، بەڵکو لەناو یەک بازنەدا شەڕی خۆ بەرهەمهێنانەوەی هەردوولای وەک ناوەندی بازنەکە دەمەزەرد کردەوە.

بەکۆتایی هاتنی ململانێی پارتی و یەکێتی کێشەی بەرهەمهینانەوەی ناوەند کۆتایی نایێت

پێش کردنەوەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی، نووسەری ئەم دێڕانە گوتاری سیاسی دوای کۆنگرەی پارتی وێناکردبوو، مەبەست لەو وێناکردنەش شرۆڤەکردن و تەئویل تەفسیرکردن نەبوو، بەڵکو مەبەستم ئەوە بوو ئەو زاراوانەی پارتی لە گوتاری سیاسیی ناو کۆنگرە دایدەنێتەوە پیشان بدەم و پەیوەندی نێوان ئەو زاراوانە لەگەڵ وشەکانی دیکە بە شێوەیەکی ئاسۆی نێو رستەکان و بەشێوەیەکی ستوونی لەنێو ئەولەویەتی مەسەلە گرنگەکانی نێو گوتاری تێهەڵکێش بکەمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو ئەو جۆرە تێهەڵکێشکردنەی گوتارەکە پیشانی دەدات و مەبەستێتی بەوجۆرە بگاتە بەردەستی خەڵک، بۆ ئەوەی خەڵک لە نێو رستەکانی نێو گوتارەکەوە تەفسیر و تەئویل بۆ گوتارەکە بکات، بەڵام لەم راستەوە بەخوێنەری ئەم دێڕانە دەڵێین، شرۆڤە و تەفسیرکردنی گوتاری سیاسی دوای کۆنگرەکەی پارتی کاری ئەم نووسینە نییە، بەڵکو ئەم جارە میتۆدی کاری ئەم نووسینە بەوجۆرەیە و هەوڵێکی دیکەیە ئەوە پیشانبدات، ئایا پارتی لە دوای کۆنگرەوە دەیەوێت بە حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بڵێت، لێرەدا ناچارم جارێکی دیکە ئەوە بەبیر خوێنەر بهێنمەوە، ئەمە مەزندە و شرۆڤە نییە بۆ ئەوەی پارتی دەیەوێت چی بڵێت، بەڵکو ئەمە دۆزینەوەی دیوی شاراوەی گوتراوەکانی ئەو گوتارانەیە کە راستەوخۆ لە رێگەی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان تی ڤی) یەوە پەخشدەکران، لێرەوە دەکرێت دیوی ناوەوەی ئەم گوتارە بەمجۆرە پیشانبدەین:

١- پارتی لە گوتارەکانی کۆنگرەی ئەوەی نەشاردەوە، هەموو هەوڵی ئایندەی بۆ ئەوەیە کە جارێکی دیکە پێگەی خۆی وەک ناوەندی بازنەی سیاسیی لەکوردستان بەرهەم بهێنێتەوە، جێگری تازەی سەرۆکی پارتی راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد، بەو ئاکامانە رازی نین کە تا ئێستا پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێناوە، ئامانجی داهاتووی پارتی ئەوەیە دەنگی زۆرینەی زۆری خەڵکی

> **سەرۆکی پارتی جەختی لەسەر دوو مەسەلەی گرنگ کردەوە، یەکەمیان دەبێت پارتی بەهەموو کوردستاندا جارێکی دیکە بڵاو بێتەوە، دووەمیان دەبێت رێبازی بارزانی وەک کوردایەتی سەیر بکرێت**

کوردستان بەدەست بهێنێت، ئەمەشی بە مافێکی شەرعی بۆ پارتی لەقەڵەم دا.

٢- سەرۆکی پارتی کە لە هەمانکاتدا سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانیشە، ئەویش لە گوتارە نووسراوەکەی کردنەوەی کۆنگرە و لە وتارە ئیرتجالیەکەی کاتی هەڵبژاردنەوەی وەک سەرۆکی پارتی، جەختی لەسەر دوو مەسەلەی گرنگ کردەوە، یەکەمیان دەبێت پارتی بەهەموو کوردستاندا جارێکی دیکە بڵاو بێتەوە، دووەمیان ئەوەبوو دەبێت رێبازی بارزانی وەک کوردایەتی سەیر بکرێت، نەک تەریقەتی بنەماڵەیەک، هەردوو مەسەلەکەش بۆ سیاسەتی داهاتووی پارتی یەک مانای هەیە ئەویش ئەوەیە کە پارتی دەیەوێت بەرێگەی هەڵبژاردن خۆی وەک ناوەندی بازنەی سیاسیی کوردستان بەهەم بهێنێتەوە.

ئەم دووخاڵە کە دەکرێت بڵێین گرنگترین دوو پەیامی کۆنگرەکەی پارتی بوون بۆ حزبە سیاسییەکانی کوردستان، جۆرە فیزێک و بێ منەتییەکی لەرادەبەدەری لێدەخوێندرایەوە، جەختکردنەوەش لەسەر رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتیش، دیسان پەیامێکی دیکە بوو بۆ حزبەکانی دیکە، بەوەی ئەگەر وەک یەکێتی رازی بن خۆتان لە ژێر سێبەری دان بە ناوەندبوونی پارتی لە بازنەکە بنێن، ئەوا سەیر بکەن، یەکێتی و مام جەلال زەرەیان نەکردووە، هەروەها بێ بەشکردنی گۆڕانیش لە پۆستە وەزارییەکانی بەغدا ئەویش دیوەکەی دیکەی پەیامەکە بوو، ئەوەی بە ناوەندبوونی پارتی لە بازنەکەدا رازی نەبێت و خۆی بخاتە دەرەوەی بازنەکە، ئەوا لەناو بازنە گەورەکەی عێراقیشدا بێ بەش دەمێنێتەوە.

گەشبینی و رەشبینی بە حەزەر

ئەم بارەی لەسەرەتای ساڵی دادێ بەشێوەیەکی پراکتیکی لە بازنەی سیاسیی کوردستاندا رووبەڕووی دەبینەوە، لەیەک کاتدا گەشبینیەکی بە حەزەر و رەشبینییەکی بە حەزەری لێدەخوێنرێتەوە، هەردووکیشیان هۆکاری خۆیان هەیە کە پێشوەختە وێنایان لە داهاتوودا ببینن، ئەوەی بە گەشبینییەوە حەزەرەکە دروست دەکات ئەوەیە، ئایا لە قۆناخی داهاتوودا پارتی هەمان سیاسییەت پیادە دەکات، کە لەساڵانی رابردوو بە تایبەتی لەساڵانی ٢٠٠٨- ٢٠١٠ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی پیادەی کردووە، یان سیاسەتی داهاتووی پارتی، بەتایبەتی کە جێگری سەرۆکی پارتی رۆڵی کاریگەری دەبێت لە ئاراستەکردنی سیاسەتی پارتی لە داهاتوو، هەمان سیاسەت دەبێت یان جۆرە کرانەوەیەک روودەدات و ئەمجارە جێگری سەرۆکی پارتی هەوڵ بۆ ئەوەدات کە گۆڕانیش وەک یەکێتی بخاتە یەک تای تەرازوو، وەک مام جەلال و یەکێتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بێگومان ئەمە گەشبینییەکە کە بەشێوەیەکی تیۆری دەبێتە دەسپێکی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە کوردستاندا، بەڵام بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەم گەشبینییە خۆی دەبێتە هۆکاری رەشبینییە بەحەزەرەکە، ئەم رەشبینییە بەحەزەرەش لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە کرانەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی لەسەر یەک مەرج دەبێت، ئەویش هەڵوەشانەوەی رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بێت، ئەگەر سیاسەتی پارتی لە داهاتوو، گۆڕانی لەیەکێتی لامەبەستر بێت، کە هەندێک پێیان وایە لە سیاسەتی داهاتووی پارتیدا گۆڕان مەبەسترە تا یەکێتی، بەڵام ئەمەیان هێندەی دەبێتە هۆکاری دروستبوونەوەی دووناوەندی و دوو بازنەیی، هێندە نابێتە هۆکاری پێکەوە ژیان و بونیادی دیالۆگێکی سەردەمییانە لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا، بۆیە باشترە پارتی لە داهاتوو ئەو موجازەفەیە نەکات و هەوڵ نەدات دەستکاری رێککەوتنی نێوان خۆی و یەکێتی بکات، راستە لە رووی تیۆرییەوە پارتی دەتوانێت لەو کارە سەرکەوتوو بێت، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە کوردستان زەرەر دەکات.

عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستی کوردستان:

# حزبی وا هەیە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانە و داوای سەربەخۆییش دەکات

دیمانە – میدیا

عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستی کوردستان لەم دیمانەیەدا لەبارەی ئامانجەکانی حزبەکەی و بارودۆخی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و ناوچەکە، وەڵامی چەند پرسیارێکی میدیا دەداتەوە.

**میدیا:** چۆن گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراندنی پارتێکی سەربەخۆخواز پێویستە و لەگەڵ کێ ئەم بیرۆکەیەت خستە بواری کردارەوە؟

**عارف باوەجانی:** دیارە لە پاش کارەساتی ١١ی سێپتێمبەر دونیا گۆڕانێکی بە سەرداهات، حکومەتی ئەفغانستان رووخا، دوایی بەعسیش رووخا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵوگۆڕی جددی بە خۆوە دیت، زۆر ئاساییشە کە رێکخراوێک، یان

## هەلی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان لە لایەن کوردەوە لە دەستچووە

گەلێک ئەو گۆڕانە لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە، لە رووخانی بەعسدا کورد هەلێکی بۆ رەخسا و وەک یاریکەرێکی بەرچاو هاتە مەیدانەکە، دیارە لە باشوور هەلی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە لە دەستچوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بووە لایەنێکی بەرچاوی گۆڕەپانی سیاسی ئێراق، جا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دونیا رووی دا، بەداخەوە حزبەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە جیاتی ئەوەی کە خۆ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە رێکبخەن، بەداخەوە وردە وردە دووچاری لێک بڵاوی و ئینشیقاقات و پەرتەوازی بوون، هەر لە ٢٠٠٣ وە ئەمە هەستی پێکرا، من هەر لەوساوە وەک بیرۆکەیەک لەگەڵ هاوڕێیانم ئەوەمان هەستپێکرد کە ئەگەر حزبەکانی رۆژهەڵات توانییان ئەو گۆڕانکارییانە دەرک بکەن و خۆی لە بەردا رابگرن، ئەوە لە رێزی ئەواندا دەمێنین، ئەگەریش نا ئەوا لەگەڵ دۆستان هەوڵی دامەزراندنی حزبێکی نەتەوەیی مۆدێڕن و سەربەخۆخواز بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دەدەین، کە زەمینەی ئامادەیە و ریشەی ئەو خواستە لە ناخی هەموو تاکێکی کورددا هەیە، بە داخەوە حزبەکانی رۆژهەڵاتی ئەمەیان بۆ نەکراوە لە جیاتی بۆ پێشەوە چوون، لێکترازان دەستی پێکرد و دەرفەتی ئەوە بۆ ئێمە نەما تا لە نێو ئەواندا پەرە بە بیر و هزری خۆمان بدەین، لەگەڵ ئەوەی کە پێمانوابوو رەنگە کاتەکەی گونجاو نەبێ و ئامادەکاری زیاتری بوێت، بەڵام لە ٢٠٠٦/٢/١٧ کە دەبێتە ٢/رێبەندانی ٢٧٠٥ی کوردی، پارتی سەربەستی کوردستانمان وەکو پارتێکی نەتەوەیی مۆدێڕن بۆ خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیاند.

**میدیا:** لەو کاتەوە تا ئێستا ئایا دۆخی رێکخراوەیی و توانای جەماوەریتان گەیشتۆتە ئاستێکی بەرچاو؟

**عارف باوەجانی:** لە راستیدا، کاتی راگەیاندنی پارتەکەمان، بیرمان لە ماوەیەکی زۆر دەکردەوە بۆ خۆگرتن و سەقامگیری و جێگیر بوونی حزب لە ریزی ئەو هێزە سیاسییانەی کە دەیان ساڵە رابردووی خەباتیان هەیە، یان لانیکەم ناگەینە ئەو ئاستەی کە ئێستا هەین، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەکە پرۆژەیەکی نوێ و مۆدێڕنە و بیرۆکەکەش بیرۆکەیەکی پیرۆزە لە ماوەیەکی زۆر کەم لە سەرتاسەری ئەو وڵاتانەی کە کوردی لێیە و لە ناوخۆشدا لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تا ئیلام و کرماشان پەیوەندییان پێوەکردین و دەستخۆشیان لێ کردین و هاتنە ریزمانەوە، ئەوەی کە زیاتر دڵگەرمی کردین لە ناوچە لە یادکراوەکان وەک لۆرستان و ئیلام و کرماشان و دەڤەرەکانی دوورتریش وەک خۆراسان و تاران ئامادەی هاوکاری کردنمان بوون.

**میدیا:** ئایا پێش راگەیاندنی پرۆژەی خۆتان لەگەڵ هێزی سەربەخۆخوازی تر راوێژتان نەکرد تا بەیەکەوە ئەم هەنگاوە بنێن؟



**عارف باوەجانی:** لەم رۆوە ئێمە بیرمان کردەوە کە لایەنێکی ئەکتیڤ بدۆزینەوە بۆ هاوکاری، رێکخراوی وا هەبوون کە لانی کەم سێ هێندەی ئێمە مێژوویان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی چالاک نین، تەنانەت بوونی ئەوانیان بە رووی ئێمەدا دەدا کە وەختێک حزبێکی وەها بەو بیرۆکەوە هەیە و لە ساڵانێکە دامەزراوە، بەڵام لە چەند کەس زیاتر نین، ئەمەش دەبێتە ئەنجامی کاری ئێوە، بۆیە رەنگ بێت کەس و لایەنێکی وا بیانەوێ هەر لە ئاستی مانەوەی سیاسیدابن و زۆر خۆماندوو نەکەن، کە ئەمەش لەگەڵ ویست و داخوازی ئێمە نەدەگونجا، لەبەر ئەوە ئێمە هەستمان کرد کە دەبێ بیرۆکەیەکی وا بە چالاکی و دڵگەرمی و تێکۆشانەوە بۆی بچین، ئێمە دەمانەوێ ئەو بیرۆکەیە ببێتە کەلتوور لە ناو جەماوەردا، حزبێکی سەربەخۆخواز لە ئەوروپا دروست بێت و هیچ چالاکی و بزووتنەوییێکی نەبێ، دەبێتە هۆی دڵساردی کەسانی نەتەوەخوازی تریش، من بۆ خۆم پێش ئەو هەنگاوەی خۆمان پەیوەندیم بە دوو سێ لایەنەوە کرد و ئەوان لەگەڵمان رێکنەکەوتن و دەیانویست هەر ئەو چوارچێوەیە بمێنێ و یەکتر بینینەکانی ئوسلۆ و ستۆکهۆڵم بەس بێت بۆ کوردایەتی کردنەکە، منیش بە پێچەوانەوەی ئەوان پێموابوو کە دەبێ مەسەلەکە دەنگ بداتەوە، هەر لە ئەوروپا و ئەمریکاوە تا دەگاتە گوندە دوورەکانی رۆژهەڵات جەماوەری کورد لە چالاکی و ئامادەکاریمان ئاگادار بن و بتوانن هاوڕێ و هاوکارمان بن.

**میدیا:** ئێوە لەگەڵ کام هێزی سەربەخۆخواز (نەک حزب و گروپی فیدراڵ خواز یان ئۆتۆنۆمی خواز) لە پەیوەندیدان؟

**عارف باوەجانی:** ئێمە وەکو پارتی سەربەستی چوارچێوەی خەباتمان رۆژهەڵاتی کوردستانە و راستە خۆمان پێ نەتەوەییە و باوەڕمان بە رزگاری هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش حزبێک نین بۆ سەرتاسەری کوردستان، ئێمە حەز دەکەین لە رۆژهەڵاتی ناویندا چوار دەوڵەتی کوردی هەبێت، هەر بەشەو تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئێستا ئەو ئاسانکارییەی کە بۆ سەربەخۆیی لە رۆژهەڵات هەیە، لە باشوور نییە.

لە رۆژهەڵات پێنج نەتەوە هەن لە ناوچەکە و چ دەوڵەتی فارسی دیکەو لە ناوچەکەدا نییە کە لە دەسەڵاتی داهاتووی نەتەوەکانی دیکە نیگەران بێت، لە تەنیشت ئێمە عەرەبی ئەهواز و بەلوچ و ئازەری داوای سەربەخۆیی دەکەن، کارەکە بۆ ئێمە ئاسانتر دەبێتەوە، لە باشوور تەنیا کورد و عەرەب هەیە، لە پەنای عەرەبەکە ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی هەیە، چل دەوڵەتی ئیسلامی هەن و لەگەڵ زۆر ئامادەکاری، بوونی سەربەخۆیی دەکەوێتە گێرە و کێشە و کارەکە سەخت دەکات، ئەو لایەنانەی کە باسمان کردن، یەکیان ویستی لەگەڵ ئەودا کار بکەین و ئێمەش رەتمان کردەوە، کە ئێوە چۆن دەتوانن لەلایەک ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بن و باوەڕتان بە ئێرانی فیدراڵ هەبێت و لەلایەکی تر حزبێکی سەربەخۆخواز بن؟ من بەش بەحاڵی خۆم ئامادە بووم کە لە حزبێکی سەربەخۆخوازدا لە مەقەڕەکەیان چایچی بم، نەک هەربەر پرسیارێتیم هەبێ، بەو مەرجەی کە باسی سەربەخۆیی کوردستان بکات و بەڕاستی بێت، هەر بۆیە بەوانم وت ئەگەر باوەڕم بە فیدراڵی مابایە، هەر لەو حزبەیدا کە چەند ساڵە ئەندامم و دوو شەهیدی بنەماڵەم تێیدا هەیە، دەمامەوە.

**میدیا:** کام حزب؟

**عارف باوەجانی:** حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، من تا ٢٠٠٥یش ئەندامی ئەو حزبە بووم، حزبی رزگاری کوردستان کە باسمان کرد، خەباتەکەی بۆ باشووری کوردستانە، لە بەرئەوە ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەو حزبانە دۆست بین، بەڵام ناتوانین لە یەک بەرەدا خۆمان ببین ولە توانای هیچ لایەنەکیشماندا نییە کە هەر ئێستا سەنگەر لە چوار دەوڵەت بگرین، بارودۆخی جیهان ئەم رێگەیەمان پێنادات، بەڵام دەکرێ لەگەڵ حزبەکانی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە کار بکەین، بۆ نموونە کۆمەڵەی پارتی سۆسیالستی دیموکراتی کورستان لە ئێمە نزیکترن و بەیەکەوە کاردەکەین، و هاوپەیمانی سەربەخۆ خوازانی رۆژهەڵاتی کوردستانمان پێکهێناوە، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ئەو حزبانەی کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە و رێنماییەکانی ئەو هاوپەیمانەتییە پەسەند دەکەن، لایەنی تریش هەیە داوا دەکەن لەگەڵیان بین، من رای دەگەیێنم کە ئێمە کۆسپ نین و نابین، هەر لایەک رازی بێت، لە سەر بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندی، ئەوە بە دڵنیایەوە لەگەڵی دەبین.

**میدیا:** بۆچی پێتوایە لە باشووری کوردستان هەلی سەربەخۆیی لە دەستچووە؟

**عارف باوەجانی:** ئەوەی من دەیڵێم، خەڵکی تریش دەیڵێن، بەڵام مرۆڤ تا خۆی لە مەسەلەکەدا نەبێت، نازانێت چەندی کۆسپ لە پشتەوە هەبووە و چەندی لە پێش ماوە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی دوو حزبی سەرەکی کوردستان وەک پارتی و یەکێتی ئەوکات بۆ خۆیان جەماوەریان هاندابا و دوای نەمانی سەدام نەچووبانە بەغدا و کۆنترۆڵی تەواوی کەرکوکیان بگرتبایەتە دەست، و ئەگەر ئەو هاوپەیمانی و دۆستایەتییەی کە ئێستا هەیانە، ئەو سا هەیانبا، مەسەلەکە جۆرێکی تری لێدەهات، راستییەکەی ئەوەیە کە هەندێک دەرفەت هەبوو لە دەستچووە، زۆر لە دۆستانی کورد و نووسەری بیانیش پێیانوایە کە کورد دوای رووخانی سەدام هەلی باشی بۆ سەربەخۆیی لە دەستداوە، دیارە فشاری نێودەوڵەتی و دراوسێیەکان زۆر بووە، بەڵام خۆ ئەگەر بە ملیۆن خەڵک کێشرابانە سەر شەقام بۆ سەربەخۆیی کە ئەوە ویستی خەڵکە، زەمانی وەی نەبوو کە لایەنێک بێت و شەڕ لەگەڵ ئەو خەڵکە بکات و بە ملیۆن خەڵک لە سەر شەقام بکوژرێت، نموونە زۆرە، وڵاتی دیکەش بووە، کە رای گشتی و جیهانیشی لەگەڵ نەبووە، بەڵام چونکە سەربەخۆخواز بوون و لە سەر ئیرادەی نەتەوەیی خۆیان راوەستاون، سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووە.

**میدیا:** باست لەوە کرد کە لەساڵی ٢٠٠٣وە حزبەکانی رۆژهەڵات بەرەو دابڕان و ئینشیقاق چوون، ئاماژەت بەوەسش دا کە تا ساڵی ٢٠٠٥ ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووی، دەکرێ ئەمە زیاتر روون بکەیتەوە؟

**عارف باوەجانی:** تا ٢٠٠٥یش ئینشقاق لە حزبی دیموکراتدا رووی نەدابوو، پێموابوو دەبێ هەوڵ بدرێ کێشەکە چارەسەر بکرێ، دوای کۆنگرەی ١٣ کێشەکە سەری هەڵدا، من پێموابوو چارەسەری دەبێت و ئەگەری مانەوەی رێککەوتنەوە هەیە و پێویست ناکات حزبێکی تر دابمەزرێ و ئەوەندە حزب لە رۆژهەڵات هەبێت کە بیری نەتەوەیی لە بیر بچێتەوە و خەڵک زۆر ماندوو بێت، دوایی دیتم نەخێر وەزعەکە بەرەو خراپی دەڕوات، بۆیە تا ٢٠٠٣یش خۆم راگرت لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی رێکوپێک دەست لە کارکێشانەوەی خۆم نارد بۆ سکرتێری گشتی حزب و ئەو کۆمیتەیەی کە پەیوەندی بە منەوە هەبوو، دوای وازهێنان ئیتر لەگەڵ هاوبیرانم بڕیارمان دا کە خۆکۆ بکەینەوە و ٨ مانگ دوای وازهێنام پارتی سەربەستی کوردستانمان راگەیاند.



عارف باوەجانی ساڵی ١٩٧٣ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئاوارەی باشووری کوردستان بووە و لە کامپی ئەلتاش ژیاوە، ماوەی پێنج ساڵ پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە. دواتر وەک پەنابەر خۆی و خێزانەکەی لە نەرویژ گیرساوەتەوە. لە رێزی حزبێکی نەرویژی وەک ئەندامی مەجلیسی شارەوانی هەڵبژێردرا، کار لەو حزبەش دا بوو بە هەوێنی ئەزموونێکی تازە بۆ هەنگاوی داهاتووی کە لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی ئاوێتە ببێت و لە ئەنجامدا بە هاوکاری هاوڕێیانی پارتی سەربەستی کوردستان دابمەزرێنێت.

## حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای ١١ی سێپتێمبەر دووچاری لێکترازان و دابڕان بوون

## لەبەر ئەوەی هەر بەشەو تایبەتمەندی خۆی هەیە ئێمە حەز دەکەین لە رۆژهەڵاتی ناویندا چوار دەوڵەتی کوردی هەبێت

## ئامادە بووم لە مەقەڕی حزبێکی سەربەخۆخوازدا چایچی بم، بەو مەرجەی کە باسی سەربەخۆیی کوردستان بکات و بەڕاستی بێت

## گەر فیدراڵیخوازبام هەر لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەمامەوە



ئەحمەد سەفا
aspeyam@yahoo.com